**The Center of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

**Nawendi Helebce**
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

# بانگەواز بۆ خۆپیشاندان لە شاری کۆپنهاگن دژ بە تۆپباران و لەشکرکێشی تورکیا

وەکو ئاگادارین ماوەیەکە ڕژێمی داگیرکەری تورکیا هەرەشەی لەشکرکێشی بۆسەر باشوری کوردستان دەکات و دەستی بە بۆردومان و تۆپبارانی ناوچەکانی سنور لە دەڤەری زاخۆ و دهۆک و ناوچەی دیکە کردووە، بە بیانووی بوونی هێزی کوردستانی لە ناوچە سنوریەکاندا. شایانی گوتنە تورکیای داگیرکەر تۆپبارانی چەندین ناوچەی کردووە کە هیچ ئەندامێکی سەر بە هیچ پارتێکی باکوری کوردستان لێ نییە.
ڕژێمی تورکیا بۆ جێبەجێکردنی نیازە داگیرکاریەکەی هێزێکی زۆری سەربازی لە نزیک سنور کۆکردۆتەوە. ڕوودانی ئەو هێرشە پێشێلکردنی سەروەری دەوڵەتێکی سەربەخۆ و قانونی نێونەتەوەییە. جگەلەوەی هاتنی لەشکری تورکیا بۆ باشوری کوردستان زیانی زۆر بە دانیشتوانی سیڤیلی ناوچە بەرکەوتووەکان دەگەیەنێت، دەبێتەهۆی نائارامی لە کوردستان و تێکدانی ئاسایشی کوردستان. هەروەها مەترسی هەیە ڕژێمی تورکیا پلانی دژە کوردستانی لە هاتنەکەیدا هەبێت، کە لەو بارەدا ئەنجامەکەی کارەساتئامێز دەبن.

بۆ ئەوەی پێش بە هەر پلان و هێرشێکی داگیرکەران بگیرێت، پێویستە کوردستانیان هاوکاری یەکتر بکەن و بەهەوڵی گونجاو هەڵسن، بۆیە ناوەندی چاک بانگەوازی کوردستانیانی دانیشتووی دانیمارک دەکات بەمەبەستی سازکردنی خۆپیشاندان و پرۆتستۆکردنی لەشکرکێشی ڕژێمی تورکیا.

هەروەها بە تایبەتی داوا لە هەموو پارت و ڕێکخراوە کوردستانیەکان دەکەین سەبارەت بە ئەگەری خۆپیشاندان پەیوەندیمان پێوە بکەن و هیوادارین هەموولایەک بەکردەوە بەشداری لە خۆپیشاندانەکەدا بکەن.

لە کات و شوێنی خۆپیشاندان ئاگادارتان دەکەینەوە

دەتوانن لە ڕێگای ئەم ژمارە تەلەفۆن و ئیمایلەوە پەیوەندیمان پێوەبکەن:

ژمارەی تەلەفۆن:
20151419
41577575
ئیمایل:
chak.dk@hotmail.com
araswahab@hotmail.com

سوپاس

**ناوەندی چاک – کۆمیتەی دانیمارک**
2007.10.18
www.chak.be